سەرک وەزیرانی عێراق: عێراق دەبێتە وەتەکی کاریگەر لە بازاڕی گازدا

دیارترین ئەو بابەتانەی کە باس کران لە چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکەی سەرکی ئینجومەنی وەزیرانی عێراق، مەحەممەد شیاع سودانی لەگەڵ کەناڵی هەواڵی بلومبێرگی ئەمریکی، سودانی لە چاوپێکەوتنەکەدا ڕایگەیاند، "عێراق پابەندە بە ڕێککەوتن لەگەڵ وەتانی (ئۆپیک) و (ئۆپێک+) بە شێوەیەک کە بەرژەوەندییەکانی بەرهەمهێنەران و بکارهێنەران بپارێزێت و توانای بەرهەمهێنانی عێراقیش لە چوارچێوەی ئەو لێکتێگەیشتنانەدا دەبێت، بەشێک لە بەرهەمە نەوتییەکانمان ئاراستەی پاڵاوتگەکانی دەرەوەی عێراق دەکرێن بە کارپێکردنی ئان و لەو بارەیەوە لەگەڵ بولگاریا گفتوگۆمان کرد و لە چین و ماڵیزیا پاڵاوتگە هەیە"، هەروەها وتیشی: "داوایی نرخەکی گونجاو دەکەین بە نەوت بە شێوەیەک کە بەرژەوەندی بەرهەمهێنەران و بکارهێنەران بپارێزێت، و نرخەکی جێگیرمان نییە و دەبینین نرخی گونجاو لانیکەم 85 بۆ 90$ بۆ هەر بەرمیلێک".

لە تەواوی وتەی سودانی هاتووە، "عێراق دەبێتە وەتەکی کاریگەر لە بازاڕی گازدا، هەروەها چاوەڕوانکانی لایەنی تورکی دەکەین بۆ دەستپێکردنەوەی هێناردەکردنی لە ڕێگەی هێڵی تورکیاوە، بەتایبەتی ئەو نەوتەی لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێنرێت، کە لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی دەوڵەتدا دەبێت"، هەروەها سکاڵای هاوبەش هەیە لە دادگای نێودەوڵەتی دادوەری، بەڵام گفتوگۆمان

لەگەڵ لایەنی تورکیادا هەیە بۆ جیاکردنەوەی دەست پێکردنەوەی هێنانەکردن لە کێشە یاساییەکان لە دادگا، جێختی کردەوە، کە ڕاگرتنی هێنانەکردن زیان بە هەموو لایەنەکان دەگەیەنێت، بە لایەنی تورکیشەوە، کە پشت بە باجی بڕی هێنانە دەبەستێت.

سودانی وتیشی: دڵنیایی گرنگ لەگەڵ کۆمپانیای تێتاڵ و گازی پێنجەم لەگەڵ کۆمپانیا ئیماراتی و چینییدا، ئاشکراشی کرد کە عێراق 11 کێڵگە و شوێنی گازی سروشتی هەیە و عێراق جددیە لە وەبەرهێنانیان، لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەمریکی کێبووینەوە کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن و ئارەزووی هەیە لە تەواوی عێراقدا کار بکەن و گفتوگۆمان کرد لەسەر ئەو دەرفەتانەی وەبەرهێنان کە ئارەزوو مەندین کۆمپانیا ئەمریکییەکان تێیدا بەشداربن، پێیوەندییەکی ستراتیژی هەیە لە نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتوەکان، لە کێبووێکدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا تاوتوێی چالاککردنی دیپلۆماسی چوارچێوەی ستراتیژی کرا لەگەڵ چوونژوورەوەی کۆمپانیا ئەمریکییەکان و دەستپێکردنەوەی هێنانەکردنی نەوت لە دێگەی بەندەری جیهانی تورکییەوە، عێراق بە پێرێشە بە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکاندا، بە شێوەیەک کە سەقامگیری بپارێزێت لە ناوچەیەکی هەستیاری وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەوەستی فەرمیمان ئاشکرایەئەویش پێویستیمان بە بوونی سەرباز یان هێزی جەنگی بیانی نییە لە عێراق، ئەمە دەزگایی ئەمنیمان هەیە کە توانای سپاندنی ئاسایشیان هەیە.

سودانی ڕاشیگەیاند، "گفتوگۆ لەسەر داهاتووی پێیوەندییەکان لەگەڵ هاوپەیمانی نەودەوڵەتی دژەین و لەگەڵ وڵایەتە یەکگرتوەکان تاوتوێی چەنییەتی هاریکاریی دووڵایەنە دژەین دوور لە هاوپەیمانێتی، کە لەگەڵ هەموو وڵاتانی ناوچەکە و جیهاندا خراوەتەوو"، هەروەها پشتیوانی و هاوکاری هەر هەوڵێکی نەودەوڵەتی دژەین بۆ بۆ ئامانجکردنی گروپە تیرۆریستییەکان، داعش یان هەر گروپێکی تر، جێختی کردەوە، کە گەیشتیەنە باوەڕێک کە پێویست بە هێزی چەکداری نییە، دژکرێت بەرنامەی هاوبەش هەبێت بۆ ڕاهێنان و ئاوگەڵی زانیاری کە لیژنە تەکنیکییەکان لەسەری ڕێکدەکەون.

ئەوانەی لە ئێستادا بونیان هەیە ڕاوێژکارانن و ئەمە هەوە دەدەین بوونیان ڕێکبخەین لەگەڵ شوێنی مانەوەیان وجەری ئەو ئەرکانەی کە پێویستن لەگەڵ ماوەکەی، بەیە لیژنەی ئەمریکا و عێراق لەم مانگەدا یەکتر دەبینن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتانە.

هاتووەش، کە لەکتەگەیشتن و نزیکبوونەوە و نەهێشتنی کێشکانی نێوان ئێران و ئەمریکا بۆ ئەمە گرنگە، و هاندەرێکە بۆ سەقامگیری ناوچەکە و هەوەدەین پێیوەندییەکانمان دوور بکەینەوە لە هەر ناکێکیەک لە ناوچەکە، عێراق نابێتە گۆڕەپانێک بۆ یەکلاکردنەوەی ناکێکی و ململانێکان.